# با گرێی دەستان نەخەینە ددانان

د. ئەحمەد میراودەلی
Mirawdaly@hotmail.com
MOHAMMAD5453@rogers.com
**2005/1/23**

وا هەلبژاردنەکانی ئێراق و کوردستان, ڕۆژانە نزیکتردەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر کوردی دلسۆز وبە پەرۆش لە هەندەران و کوردوستانیش, ڕۆژانە و بەهەر شێوەیەك توانیبێتیان, دەسەڵاتدارانی کوردستانیان لەو هەڵە کوشندەیەی خۆ لکاندنەوە بە ئێراقەوە ئاگادار کردۆتەوە. لێ هەردوو زلحیزبەکە هەتا ئێستا هەڵوێستێکی نەگۆڕیان هەیە لە بەستنەوەی باشوری کوردستان بە ئێراقەوە.

ڕێفەراندۆم کە لە وولاتێکی فرە نەتەوەییی وەك ئێراقدا ئەنجامبدرێ و لەمەترسی ئاسایشی نەتەوەیی یەوە سەری هەڵدابێ, لەسەر خواست و بۆ مانەوە یا جیابوونەوەی نەتەوە کەمینەکە یا ژێردەستەکە ئەنجام دەدرێ. لێ هەر لەسەرەتاوە لەپیناو دەسەڵاتدا ( ینك) لیژنەیەکی ڕێفەراندۆمی پێکهێنا بۆ فشار بردنە سەر (پدك). دواییش کە(ینك) گەمەکەی بۆ نەچوەسەر هەردوولا بە ڕێکەوتن, کردیانە داردەست و بەکاریان خست. هەندێ جار بۆ گوشار و دەسکەوتی لاوەکی و زیتریش بۆ چەواشەکردنی خەڵکی و لەباربردنی پرۆسەی ڕێفەراندۆمێکی ڕاست.

دوای گۆڕبەگۆڕکردنی ڕژێمی تێرۆر و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ئێراق, ئەو دەوڵەتەی زێدە لە هەشتا ساڵ دێوەزمە و مۆتەکەی خەوی دانیشتوانی باشوری کوردستان بوو. وا دەبینین هەردوو زلە پارتەکە هەموو توانای دەزگا ڕاگەیاندنەکانی خۆیانیان تەرخان کردوە بۆ جۆشدانی جەماوەر بەرەو دەنگدان . ئەو ڕوونبینانەش کە دەیانەوێ لە ئەگەرە نالەبار و ترسناکەکانی لکاندنەوە بە ئاگایانبینن, سەرکردەیەکیان لێدێتە زمان و بەسەرلێشێواو ناویان دەبا و یەکی دیکەشیان شوناسنامەی کوردستانییان لێدەستێنێتەوە و(مەنفییان) دەکا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خەمخۆرانی کورد گوشارێکی باشیان خستۆتە سەریان , بۆیە دەزگای ڕاگەیاندنی هەردوو زلحیزبەکە وهەندیك لە سایدەکانی دەرەوەی وولاتیشیان کردۆتە بەهەشتی خامەفرۆشان بۆ ڕێکلامبۆکردنی ئێراقی هیواو ئاشتی. گوایە ئێراقی ئایندە وولاتێکی ئارام و دیمۆکراتی دەبێ و هەموو مافێکی ڕەوای تاکە کەس و کەمایەتی ئاینی و نەتەوەییەکانی تێدا بەرجەستە دەبێ ودەبێتە بەهەشتۆکەی ئازادیخوازان.

من تێناگەم و پڕ بەدڵیش حەزدەکەم, کەسێك لە سەرکردایەتی هەر لایەنێکیانبێ وەڵامی ئەوپرسیارە بداتەوە کە, دوای ئەو هەموو ئەزموونەی هەیانە لەگەڵ جۆراوجۆر ڕژێمەکۆنەکانی ئێراق وهەموو تاقم و دەستە عارەبە ئێراقیەکان, لەوپەڕی چەپڕۆکانیانەوە تا ئەوپەڕی شۆفێنیستەکانیان, چۆن بە تەمای ئەو خەونە خۆشەن.؟

ئەی بۆ هەتا پێش هەڵوەشانەوەی ئێراق, بەزۆرەملێبەستنەوە ودابەشکردنی کوردستانیان پێ دەفرۆشتین و سنگیی دەیان هەزاریان نا بە گوللەوە؟. ئەمەجگە لە سەدان هەزار ئەنفالکراو و کیمیا بارانکراو.

نیلسن ماندێللا: سەرۆکی پێشوی باشوری ئەفریکا کە خەڵاتی نۆبڵی لەسەر پاراستنی مافی مرۆڤ و ئاشتی خوازی وەرگرتوە. لەدووری هەزاران میل لەکوردەوە, گەورەترین خەڵاتی تورکیای ڕەتکردەوە لەسەر ڕەگەزپەرستی ڕژێمی تورکیاو پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد, کە کوردێکیش لە وولاتەکەیدا نییە.

کەچی غازی عجیل الیاوەر: کە بەیاریدەی کورد بۆتە گوایە سەرۆك کۆماری کاتی ئێراق و پێنج ملیۆن کورد لە وولاتەکەیدا هەیە, بەنیازیشە کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا دەنگی پێبدەن. لە پرسیارو وەڵامێکی کەناڵی ئاسمانی (العەڕەبییە) دا. دەڵێ ( لەڕاستیدا من خەون بەوە دەبینم کە ئێراق وەکو تورکیای لێ بێت و ڕێڕەوی دیمۆکڕاتی بگرێ).! بی گویدان بە هەستی, هەرنەبێ ئەوکوردانەی کە هەتا ئێستا لەگوێی گادا خەوتوون و خۆیان زیاتر لە غازی یاوەر بە ئێراقیتر دەزانن ولەسەر ئێراقچێتی خەڵکی(مەنفی) دەکەن یان بەسەرلێشێواو ناویاندەبەن.

ڕژێمی تۆرانی تورکیایی جێنۆسایدکەری کورد و ئەرمەن, نموونەیی یە بۆ یاوەر. یەکیەتی و پارتیش داوامان لیدەکەن دەنگبدەین و بەو دیمۆکڕاتی یە جوانەی تورکیا شادببین.

دیارە غازی یاوەر دەستخۆشکەرانەی جێنۆسایدی کورد و ئەرمەنەکانیش لە جەندرمەکانی تورك دەکات.

هەر لەمانەش دەبن سەرکردایەتی ئێراقی ئایندە, ئەو ئێراقەی کە بە دەنگدان دەیانەوێ شەرعییەتی پێ بدەنەوەو بۆ, خوا دەیزانێ چەند دەیەیەکی دیش دەست بەزاخبینەوە !.

ئەگەر ڕۆژی هەڵبژاردن نەبێتە کورد ووتەنی( ئەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تیا کوژرا) کە لەو بڕوایەدام هەر واشدەبێ. ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئێراق بۆ کورد هیچ باشتر نابێ, ئێستا کەمشتومڕمان لەگەڵ کۆنە بەعسی و ڕەگەز پەرستەکانی عەرەبە و گرێکە لەدەستاندایە, دوای هەڵبژاردن ململانێمان لەگەڵ ئاخوندەی ڕەگەزپەرست و فتوا دەران دەبێ و گرێکە دەکەوێتە ددانان.

ئەمە ئەگەر بۆ خاتری یەکیەتی خاکی ئێراق و عروبە هەردوولایەنی شیعەو سوننە وازیان لە گێروگرفتی مەزهەبی و ڕامیاری نێوخۆیانیان هێنا. ئەمەش هەر یەکگرتنە دژی کورد و باقیمەندی کەمایەتیەکانی دیکەو, ئایا ئەنجامەکەشی هەر ڕژێمێکی عارەبی ئیسلامی نابێ وەك عللاویش بەڵێنی ئێراقی عارەبی ئیسلامی ڕاگەیاند بە گەلی ئێراق کە دژی ڕێککە وتنامەکەی لایەنەئێراقیەکانە ؟ ئەی باشە ئیسلام و دیمۆکڕاسی کوجا مەرحەبا ؟ ئەی کوردو باقیمەندی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینیەکانیتر چۆن جێگەیان دەبێتەوە لەو ڕژیمەدا ؟

ئەگەر جولەکایەتی و مەسیحایەتی, توانیویانە پاش نزیکەی دوو مێلێنیۆم ڕیفۆڕم لە خۆدا بکەن و هەوڵی خۆگونجاندن بدەن لەگەڵ زانست و تێکنۆلۆژیا و داخوازییەکانی مرۆڤی سەردەم. ئەویش لەبەرئەوەی کە هیچکام لەو دوو ئاینە ناڵێن کتێبە پیرۆزەکانیان هەمووی وتەی خودێن!!. وتەی خودا نەگۆرە لە هەموو ئاینێکدا. ئەوجا شتێك لەخوداوە دابەزیبێ و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی تێدا دیار کرابێ لەیاسای ئابووری و ڕامیارییەوە هەتا بیسمیللای سەرنانخواردن وبگرە لەوەش بەولاوەتر هەتا ئەو ڕادەیەی کەمرۆ لەخەونیشدا ئازاد نییە, ئەی ئەمە چۆن لەگەڵ ئازادییەکاندا ڕیکدەکەون !؟ ئەگەر خۆڵ لەچاوکردن و خۆ هەڵخەلەتاندنیش نەبێ ؟

لە کولتووری باکوری ئەمەریکادا کەسێك چاوپۆشی لە پێشێلکردنی مافەکانی بکات پێیدەڵێن بێ برپرە, سەرکردایەتی هەموو پارتە کوردوستانییەکانیش چونکە بێ برپرەن. جیۆپۆلێتیکیان کردۆتە بنێشتە خۆشەی سەر زوبانیان, گوایە کۆسپی سەرەکی داخوازی کوردە لەیەکگرتنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆدا, کە تەنها ڕێگەچارەی ئاسایشی نەتەوەییمانە.

سێزدە ساڵە لە باشووری کوردوستاندا نیمچە سەربەخۆین. بەهەر شیوەی کەموو کوڕی ئابوری, پێش ڕوخانی سەددامیش, دوو زلحیزبەکە دەیانتوانی داراییەکی کەم تەرخان بکەن بۆ لۆبیکردن لە وولاتە زلهێزەکانی وەك ئەمەریکا و بەریتانیاو فەڕەنسا و دۆستو خەمخۆرێکی زۆر بۆ نەتەوەی کورد ساز بدەن. لەو بڕوایەدام ئەگەر یەك دەرسەدی ئەوەی لە شەڕی براکوژیدا خەرجیانکرد, یان یەك دەرسەدی ئەوەی بۆ دژە پڕوپاگەندەی یەکدی سەرفیان کردوە هەتا ئێستا, بەو بودجەیە دەتوانرا, نەك هەر کەسانی دەسەلاتدار بەڵکو وولاتانی دەسەلاتداریش بکرێنە دۆستو یاوەری کورد و ئەمڕۆ پاڵپشتێکی ئازادی و سەربەخۆیی کورد بوونایە. کەچی بە پێچەوانەوە, هەردوولا زۆر بەگەرموو گوڕی مەچەکیان هەڵماڵیەوەو خەرێکی بوژانەوەی دێوەزمەی هەشتاساڵەمانن. من سەرسامم وەدەپرسم تۆبڵێی کەسێك هەبووبێ جەللادی خۆی زیندوکردبێتەوە؟ باشە ئەگەر خۆ بەئێراقەوە نەبەستینەوە چیمان لێدەکەن ؟ تۆبڵێی بەزۆر بمانبەستن بەچینەوە!؟

کەرکوك ئەگەر دڵ یا قودسی کوردوستانە وا دەیبەن بە بووك. هێڵی سوور بۆتە پەمبەیی و خوا کەریمە بۆ فلچەیەکی سپیش لەپێناو ئێراقی هیواو ئاشتیدا!.

یەك تەها و پەنجاو پێنج تەهاش هەر وەك یەکە.

بۆیە دەنگ بۆ خۆبەکۆیلەکردنەوە نادەم!